## سورة الصف – سورەتی ژمارە 61 – ژمارەی ئایەتەکانی 14

### بسم الله الرحمن الرحیم

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )

1. سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ : هەرچی لە ئاسمان و زەوی دا هەیە تەسبیحات و ستایشی خوا دەکەن , ئەو خوایە زۆر باڵا دەست و دانایە .
2. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی شتێک ئەڵێن و ئەنجامی نادەن ؟ بۆچی گوفتارتان دژی کردارتانە ؟
3. كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ :گوناهێکی زۆر گەورە و هەڵەیەکی مەزنە لای خوا ئەگەر شتێک بڵێن و جۆرێکی تر ڕەفتار بکەن .
4. إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنيَانٌ مَّرْصُوصٌ :بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە دە جەنگن لەپێناوی دا بە یەک ڕیز و یەک پارچە و یەک دڵ , هەر وەک دیوارێکی بەرزی قایمی تێکهەڵکێش و ڕێک و پێک .
5. وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ :بیریان بخەرەوە : کاتێک کە موسا بە قەومەکەی ووت : ئەی قەوم و هۆزم ئێوە بۆ چی ( ئازاری ڕۆحم دەدەن و دڵم ئەشکێنن ) خۆ چاک دەزانن کە من پێغەمبەر و ڕەوانە کراوی خوام بۆتان , جا کاتێک ئەوان گوێیان بۆ ڕاستی نەگرت و لە حەق لایان دا خوایش دڵەکانی لە خشتە بردن و مۆری پیادا نا , چونکە خوا ڕێنموی قەوم و هۆزی تاوان بار و تاوانکار ناکات .
6. وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ :بیریان بخەرەوە : کاتێک کە عیسای کوڕی مەریەم بە نەوەی ئیسرائیلی ووت : منیش بەڕاستی پێغەمبەری خوام بۆ سەر ئێوە , تەواراتیش ڕاستی داواکەم دەسەلمێنێت و باسی دەکات , هەروەها مژدەدەریشم بە پێغەمبەرێک کە دوای من دێت و ناوی ( احمد)ە , کەچی کاتێک بەڵگە و نیشانەی تێر و تەواو )

معجزه)ی ئاشكرای پێ ڕاگه‌یاندن , ووتیان ئه‌مه‌ جادویه‌كی ئاشكرایه‌ .
7. وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَى إِلَى الْإِسْلَامِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ :كێ هه‌یه‌ له‌و كه‌سه‌ سته‌م كار تر كه‌ درۆ به‌ده‌م خواوه‌ ده‌كات , له‌ كاتێك دا كه‌ ئه‌و بانگ ده‌كرێت بۆ ئیسلام و مسولْمان بوون , بێ گومان خوا هیدایه‌ت و ڕێنموی قه‌ومی سته‌مكار ناكات .
8. يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ :ئه‌وانه‌ ده‌یانه‌وێت به‌ فوو , به‌ قالْه‌ی ده‌م , نوری خوا بكوژێننه‌وه‌ ( خه‌یالْیان خاوه‌ ) خوا نور و ئاینی خۆی ته‌واو ده‌كا و ده‌یچه‌سپێنێت هه‌رچه‌نده‌ كافر و بێ بڕوایان پێ ی سه‌غلْه‌ت بن و پێیان ناخۆش بێت .
9. هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ : هه‌ر ئه‌و خوایه‌یه‌ كه‌ پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی خۆی ڕه‌وانه‌ كردوه‌ هاوڕێ له‌گه‌لْ هیدایه‌ت و ڕێنموی و ئاینی حه‌ق و ڕاستدا , تا سه‌ری بخات به‌سه‌ر هه‌موو ئاین و به‌رنامه‌كان دا , هه‌رچه‌نده‌ موشیریك و هاوه‌لْ په‌رسته‌كان پێ یان ناخۆش بێت .
10. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ :ئه‌ی ئه‌و كه‌سانه‌ی باوه‌ڕتان هێناوه‌ ده‌ستنیشانی بازرگانیه‌كتان بۆ بكه‌م كه‌ له‌ سزایه‌كی پڕ ئێش ڕزگارتان ده‌كات ؟!
11. تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ :سه‌ره‌تا باوه‌ڕهێنانتانه‌ به‌ خوا و به‌ پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی , ئینجا هه‌ولْ و تێكۆشانتانه‌ له‌ ڕێ ی خوادا به‌ به‌خشینی مالْ و سامانتان , وه‌ به‌ به‌خشینی خۆتان ( شه‌هیدی ) بێ گومان ئه‌و كاره‌تان چاكتر و به‌فه‌ڕ تره‌ بۆتان ئه‌گه‌ر تێ بگه‌ن و بزانن .
12. يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ :ئه‌وسا خوا له‌ گوناه و هه‌لْه‌كانتان خۆش ده‌بێت , وه‌ ده‌تان خاته‌ باخچه‌ و باخاتێكه‌وه‌ كه‌ جۆگه‌ و ڕووبار به‌ژێر دره‌خته‌كانیدا تێده‌په‌ڕێت , هه‌روه‌ها كۆشك و ته‌لاری ڕازاوه‌ له‌ به‌هه‌شتی عه‌دندا ( كه‌ به‌و باخه‌ ده‌لْێن دره‌خته‌كانی چڕ و پڕ و سه‌وزی تۆخن) به‌ڕاستی ئا ئه‌وه‌یه‌ سه‌ركه‌وتن و سه‌رفرازی و ده‌سكه‌وتی گه‌وره‌ و بێ سنور .
13. وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ :جا شتێكی تریش هه‌یه‌ كه‌ حه‌زی لێ ده‌كه‌ن , ئه‌ویش به‌خشینی سه‌ركه‌وتنه‌ له‌ لایه‌ن خواوه‌ , وه‌

کردنەوەی وڵاتان و دڵەکانە , وە ئەو مژدەیە بدە بە ئیمانداران .

14. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونوا أَنصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ فَآمَنَت طَّائِفَةٌ مِّن بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَت طَّائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ :ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ببنە پشتیوانی بەرنامە و دینی خوا ببنە لایەنگیری پەروەردگار , هەوەکو عیسای کوڕی مەریەم بە حەواریەکانی هاوەڵی ووت : کێ پشتیوان و یار و یاوەرمە بۆ ڕێبازی خوا , حەواری و هاوەڵەکانی وتیان : ئێمە ئامادەین ببینە پشتیوان و لایەنگیری خوا , ئەوسا ئیتر خەڵکی بوون بە دوودەستەوە : دەستەیەک لە نەوەی ئیسرائیل باوەڕیان هێناو شوێن بەرنامەی خوا کەوتن , دەستەیەکیش ڕێبازی کوفری گرتە بەر , ئێمەش پشتیوانیمان کرد لە ئیمان داران و سەرمان خستن بەسەر دوژمنەکانیان دا .